# عێراق:

# دیموکراتیزەکردن یان هەڵوەشاندنەوە

د. ڕەفیق سابیر

## بەشی یەکەم

### سەرەتایەک

ڕۆژی 9 ی ئاپریلی 2003 عێراقێک کە هەشتا ساڵ پێشتر کۆلۆنیالیزمی بریتانی دروستی کردبوو کۆتایی هات ، ئایا دەتواندرێت عێراقێکی دی دروست بکرێتەوە؟ ئەگەر بتواندرێت ئایا عێراقی داهاتوو چۆن دەبێت؟ پەیوەندیی نێوان عێراق و کوردستان و نێوان گەلانی عێراق بە گشتی چۆن و بەپێی کام بنەمای دەستووری ڕێک دەخرێنەوە؟

لە ڕاستیدا عێراق، وەک دەوڵەت و قەوارەی سیاسی، بەرهەمی هەڵەیەکی مێژوویی یان ڕێکەوتێکی مێژووییە، نەک بەرهەمی ڕاستی یان پێداویستییەکی مێژوویی. هەروا عێراق بەرژەوەندی و ئیرادەیەکی دەرەکی دروستیان کردووە، نەک بەرژەوەندی و ئیرادەی گەلێکی هاومێژوو، هاوکولتوور، هاوئامانج و هاوچارەنووس. عێراق لە کۆمەڵێک گروپی نەتەوەیی، ئێتنیکی و مەزهەبیی جۆراوجۆر دروست کرا بێ ئەوەی زەوینەی هاوبەشی مێژوویی و کولتووری، هەستی ئینتیمای هاوبەش یان هاریکاریی نەتەوەیی لە نێوانیاندا بووبێت. قەیرانی عێراق، پێش هەر شتێک، لێرەوە دەست پێ دەکات.

دەوڵەتی عێراق لە باتی ئەوەی ئەم قەیرانە چارەسەر بکات، قەیرانەکەی گۆڕی بە تراژێدیا. چونکو، بە درێژایی مێژووی هەشتا ساڵەی خۆی، نەیتوانی گەلانی عێراق لە دەوری بەرژەوەندییەکی هاوبەش و ئامانجێکی هاوبەش و ناسنامەیەکی هاوبەش کۆ بکاتەوە. دەوڵەت لە باتی ئەوەی هەوڵ بدات ناسنامەیەکی تایبەتی بۆ وڵاتێکی فرەنەتەوە و فرەکولتوور دابڕێژێت بەردەوام هەوڵی داوە ناسنامەی عەرەبی بەسەر عێراق و گەلەکانیدا بچەسپێنێت. لە جیاتی ئەوەی دەربڕی بەرژەوەندی هەمووان بێت و بەپێی دەستوور ماف و یەکسانیی هاووڵاتیان دەستەبەر بکات تەنیا دەوڵەتی گروپێک، کەمایەتییەکی عەرەبی-سوننی بووە. لە باتی ئەوەی هەوڵ بدات تەبایی و هاریکاریی نەتەوەیی لە نێوان گەلانی عێراقدا دروست و بەهێز بکات خۆی ئەوانی زیاتر لێک دابڕیوە، کێشە نەتەوەیی و مەزهەبییەکانی نێوانیانی توندتر کردووە. لە هەمان کاتدا لەبەر ئەوەی پەیوەندیی نێوان دەوڵەت و هاووڵاتیان و گروپە نەتەوەیی، مەزهەبی و ئاینییەکان لەسەر ئەساسی ماف نەبووە، زۆربەی تاک و گروپەکانی نێو عێراق گیانی بەرپرسیاری و وەفاداری و دڵسۆزی

(لۆیالێتی)یان بەرامبەر بە دەوڵەت نەبووە چونکو بە دەوڵەتی خۆیان و پارێزەری بەرژەوەندی خۆیانیان نەزانیوە. بەم جۆرە دەوڵەتی عێراق ئەرک و وەزیفەکانی خۆی، وەک دەوڵەتێکی مۆدێرن، بەجێ نەگەیاندووە، بەمەیش توانای بەردەوامبوونی و تەنانەت ڕەوایی مانەوەی خۆی خستۆتە ژێر پرسیارەوە. سەرەنجام لە عێراقدا زەوینەی پێکەوەهەڵکردن و هەستی هاوچارەنووسی و هاریکاریی نەتەوەیی نەک هەر لە نێوان کورد و عەرەبدا، بەڵکو تەنانەت لە نێوان عەرەبی سوننە و عەرەبی شیعەیشدا دروست نەبووە. ستەمی مەزهەبیی دەوڵەت بە جۆرێک کێشەی مێژوویی نێوان لایەنگرانی ئەم دوو مەزهەبەی خۆش کردووە کە گەلی عەرەبی عێراق، وەک گەلی ئایرلاند، گۆڕدراوە بۆ دوو گەلی جیاوازی خاوەن دوو مێژووی جیاواز، دوو بەرژەوەندی و ئامانجی جیاواز و دوو وەلائی ڕۆحی و سیاسیی جیاواز و تەنانەت پێک ناکۆک. بۆیە مرۆڤ دەتوانێت بڵێت کە ئەگەر هێزی ئەمریکا و هاوپەیمانانی لە عێراقدا نەبوونایە ئێستا، بە لای زۆرەوە، زیاتر لە شەڕێکی نێوخۆیی لە عێراقدا دەستی پێ کرد بوو.

ئاشکرایە خەڵکی عێراق بەبێ کۆمەکی ڕاستەوخۆی دەرەکی (ئەمریکا و هاوپەیمانانی) ناتوانن عێراق دیموکراتیزە بکەن. ئەو کۆمەڵەی بتوانێت دیاردەی وەک دەوڵەتی بەعس بهێنێتە بەرهەم و قبووڵی بکات ناتوانێت دیموکراتی وەک شێوەژیانی خۆی هەڵبژێرێت. ئەو گەلەی بتوانێت بە حەماسەوە چوار شەڕ (شەڕی کوردستان، شەڕی ئێران، شەڕی کوێت و شەڕی ئەمریکا و هاوپەیمانانی) بۆ دەوڵەتە نەتەوەییەکەی بکات ئاسان نییە بتوانێت، بە توانای خۆی، سیستمێکی نوێی حوکمڕانی دابهێنێت و کۆمەڵێکی مۆدێرن و دیموکرات دابمەزرێنێت.

دروستکردنی عێراقێکی نوێی دیموکرات، بە ڕای من، لە دروستکردنی دیواری چین، یان دروستکردنی پیرامیدەکانی میسر گرانترە. بەڵام لەگەڵ ئەمەیشدا، لەم باسەدا، گریمانەی دروستکردنەوە و دیموکراتیزەکردنی عێراق لەبەرچاو گیراوە. چونکو هێزە عێراقی و کوردستانییەکان هێشتا لەسەر ئەم مەسەلەیە کۆکن و بە گەرمی کاری بۆ دەکەن. لەمەیش گرنگتر دەوڵەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانانی هێشتا هەمان ئامانجیان هەیە. چونکو پێیان وایە کە عێراقێکی نوێی دیموکرات سەرەتایەک دەبێت بۆ دیموکراتیزەکردنی ناوچەکە. کەواتا فاکتەری گرنگی پرۆسێسی گۆڕانکاری لە عێراقدا، کە دەکرێت لە سەردەمی ئیمڕۆدا یەکلاکەرەوە بێت، ئەوەیە کە کۆمەڵە ئەکتەرێکی جیهانی (لە پێشەوەیان دەوڵەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا) تا ڕادەیەکی زۆر ڕەوشی سیاسیی عێراق و جۆری دەوڵەتەکەی دیاری دەکەن. ئەمەیش بەشێکە لە پرۆژەیەکی گەورەتر، پرۆژەی ڕۆژهەڵاتی نێوینی گەورە، کە دەوڵەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، بە کۆمەکی کۆمەڵە وڵاتێکی ئەورووپایی، دایڕشتووە و چاوەڕوان دەکرێت ناوچەکە بگرێتەوە.

1

دیموکراتی لە سەرەوە بۆ خوارەوە

لە دوای ڕوخاندنی دەوڵەتی عێراقەوە دۆخی سیاسیی عێراق و هوشیاریی سیاسیی گەلانی عێراق ڕوو لە گۆڕانکاریی جواروجۆرن. ڕەنگە گرنگترینی ئەم گۆڕانکارییانە، دوای بڕیاردانی قانوونی کاتیی سەردەمی گواستنەوە، ئەوە بێت کە ناسیۆنالیزمی عەرەبی (عەرەبیزم) لە عێراقدا، کە کولتوور و ناسنامەی خۆی بەسەر دەوڵەت و کۆمەڵی عێراقدا سەپاندبوو، شکستی هێناوە. لەگەڵ ئەم شکستەدا قەیرانی ناسنامەی عێراق توندتر بووە. عێراقی دوای بەعس، لە واقیعدا و تەنانەت لە هۆشیاریی زۆرینەی خەڵکی عەرەبی عێراقدا،چی دی ئەو دەوڵەت و وڵاتە گوایا عەرەبییە نییە کە خۆی بە پێشەنگی هەموو عەرەب و هەڵگری پەیامی یەکخستنی نەتەوەی عەرەب بزانێت. بەڵام لە بەرامبەر تێکشکانی ئایدیۆلۆژیا و دیسکۆرس (خیتاب)ی عەرەبیزمدا هێشتا ئەلتەرناتیڤێکی دیموکرات و لیبرال دەرنەکەوتووە، بەڵکو ئایدیۆلۆژیا و دیسکۆرسی ئاینی- مەزهەبی زاڵ بووە. بۆیە دوور نییە هەوڵ بدرێت لە بری ناسنامەی قەومیی عەرەبی ناسنامەیەکی ئاینی- مەزهەبی بۆ عێراق دابتاشرێت. لەبەر ئەوە کێشە یان شەڕی ئیمڕۆ و سبەینێی عێراق، بە ڕای من، پێش هەر شتێک کێشە یان شەڕی نێوان کولتوورە سەرەکییەکانی نێو کۆمەڵی عێراق دەبێت (لێرەدا ئاین و مەزهەبیش لە ناو چەمکی کولتووردا کۆکراونەتەوە). چونکو هەندێک لەم کولتوورانە دەخوازن نرخ و پرینسیپەکانی خۆیان و ناسنامەی خۆیان بەسەر عێراقدا بسەپێنن، هەندێکی دیکەیان دەیانەوێت پارێزگاریی نرخ و پرینسیپەکانیان بکەن و جێگای خۆیان لەناو ناسنامەی داهاتووی عێراقدا بسەلمێنن. بۆیە ئەگەر عێراق وەک قەوارەیەکی سیاسی بمێنێتەوە دەبێت بە دڵنیاییەوە بەلانسێکی ماقوول و عاقڵانە لە نێوان ئەم کولتوورانەدا پێک بێت. دیموکراتی و لیبرالیزم، لە سایەی سیستمێکی کۆنفیدرالیدا، دەتوانن ئەم بەلانسە کولتوورییە دروست بکەن و ناسنامەیەکی نوێی گونجاو بۆ عێراق پێشنیار بکەن، کە پێکهاتی عەرەبی- کوردستانی، مەزهەبی و ئاینیی عێراقی داهاتوو دەرببڕێت، وەک دواتر باسی دەکەم.

قانوونی کاتیی سەردەمی گواستنەوە، لەم بارەیەوە، هەندێک سەرەتای گرنگی بۆ سروشتی دەوڵەتی داهاتووی عێراق، وەک دەوڵەتێکی دیموکرات و نائاینی و فیدرال داڕشتووە. هەروا بە پێی ئەم قانوونە کاتییە شێوەی بەڕێوەبردنی عێراق و بڕیاردانی قانوونی ئەساسیی عێراقی ملکەچی پرینسیپی ڕێککەوتن (التوافق) کراوە؛ واتا ڕێککەوتن و ڕەزامەندیی نوێنەرانی هەردوو گەلی سەرەکی عێراق و خەڵکی سەر بە هەردوو مەزهەبی شیعە و سوننە. ئەمەیش ڕێگا لە زۆرایەتی (نەتەوەیی، مەزهەبی- ئاینی) دەبەستێت کە ئیرادە و پرۆگرامی سیاسیی خۆی بەسەر کەمایەتیدا و ناسنامەی خۆی بەسەر عێراقدا بسەپێنێت. بۆیە عێراق لەبەردەم دووڕیانێکدایە: دیمکراتیزەکردن یان هەڵوەشاندنەوە، یەکسانبوونی کولتوورەکان (نەتەوە و مەزهەبەکان) یاخود دابەشکردن.

ڕەوشی سیاسیی عێراق لە ڕوخاندنی دەوڵەتی عێراقەوە تا هەڵبژاردن و قبووڵکردنی ئەنجامەکانی دەیسەلمێنێت کە، لە سەردەمی جیهانگیری و مەترسی تیرۆریزمی ئیسلامیدا، گۆڕان بە کۆمەکی دەرەکی دەتوانێت کارێکی پڕمانا و بەلای زۆرەوە سەرکەوتوویش بێت، بۆیە دەشێت ببێتە مۆدێلێکی باو لە سیستمی سیاسیی نوێی جیهانیدا. ئەو گەلانەی کە

ناتوانن خۆیان لە دەسەڵاتێکی دیکتاتۆری و شەڕخواز ڕزگار بکەن و سیستمێکی دیموکراتی دابمەزرێنن دەشێت بە کۆمەکی دەرەکی ئازاد بکرێن و بەرەو دیموکراتی بەڕێ بخرێن.

نیو سەدەیەکە ئەمریکا و ڕۆژئاوا، بە هۆی شەڕی ساردەوە، یان بە بەهانەی دابینکردنی ئارامی و سەقامگیریی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، چاویان لە ستەم و ئیستیبدادی دەوڵەتە دیکتاتۆرییەکانی ناوچەکە پۆشیوە و کۆمەکیان کردوون. بەڵام دوای 11ی سپتەمبەری 2001 دەرکەوت کە دەوڵەتی دیکتاتۆری دەشێت خۆی لە خۆیدا شەڕ و نائارامی بێت و هەڕەشە لە ئاسایشی جیهانی و بەرژەوەندی و ئاسایشی نەتەوەیی دوورمەودای ئەمریکا بکات. ئەزموونی مێژوویی (بۆ نمونە ئەزموونی وڵاتانی ئەوروپا) پێشانی داوە کە ئاشتیی نێوخۆ و هەرێمی و سەقامگیریی سیاسیی بەبێ ئازادی و دیموکراتی دەستەبەر ناکرێن.

زۆربەی دەوڵەتانی ڕۆژهەڵاتی نێوین (لەوانە دەوڵەتانی عەرەبی) کراونەتە قەڵای دیکتاتۆریا و ستەم و دواکەوتن. سیستمی خوێندن و پەروەردەی ئاینی و دیسکۆرسی سیاسیی ئەو وڵاتانە پشت بە فیکری غەیبی و سەلەفی دەبەستن و شۆڤێنیزمی ئاینی و کولتووری و ڕقبوونەوە لەویدی (غەیرە مسوڵمان، غەیرەعەرەب) هان دەدەن و لەناوبردنیان بە ڕەوا دادەنێن. لەم کەشوهەوا سیاسی و کۆمەڵایەتی و کولتوورییەدا فۆندەمێنتالیزمی ئیسلامی و فیکری تەکفیری و تیرۆریزمی ئیسلامی سەر هەڵدەدەن و وەک هەڕەشەیەک بە دنیادا بڵاو دەبنەوە. لەبەر ئەوە مەسەلەی گۆڕانکاری و ڕیفۆرمی سیاسی، کۆمەڵایەتی و کولتووری لەم وڵاتانەدا بوونەتە داواکارییەکی جیهانی و بەشێک لە پێداویستییەکانی شەڕی دژ بە تیرۆریزم. پرۆژەی ڕۆژهەڵاتی نێوینی گەورە، ئەم داخوازییە جیهانییە دەردەبڕێت، بەو مەبەستەی کۆمەک بەو وڵات و کۆمەڵانە بکات تا بەرەو و دیموکراتی بڕۆن.

هەڵبەت پرۆسێسی دیموکراتیزەکردن لە ڕۆژهەڵاتی نێویندا تایبەتمەندیی خۆی دەبێت. هەروا مەرج نییە ئەنجامی ڕاستەوخۆی ڕووناکگەری و مۆدێرنێتە و پێشکەوتنی ئابووری، کۆمەڵایەتی، سیاسی و کولتووری بێت(بەو شێوە کلاسیکییەی کە لە ئەوروپادا دەستی پێکرد). لە سەردەمی ئیمڕۆدا دەشێت پرۆسێسی دیموکراتیزەکردن بە کۆمەکی دەرەکی و لە ئەنجامی پێداویستییەکانی گولۆبالیزم و وەک بەشێک لە شەڕی دژی تیرۆریزم بێت. ئەم پرۆسێسەیش لە جیاتی ئەوەی لە خوارەوە، واتا لە ناو کۆمەڵەوە، دەست پێ بکات و بەرەو سەرەوە فشار بەرێت تا دەسەڵاتێکی سیاسیی دیموکرات و دەستوورێکی دیموکراتانە بسەپێنێت، دەشێت بە پێچەوانەوە لە سەرەوە بەرەو خوارەوە شۆڕ ببێتەوە. پرۆسێسی دیموکراتیزەکردن سەرەتا بە گۆڕینی دەسەڵاتی سیاسی و دروستکردنی شێوەیەکی نوێی حوکمڕانی، دیارە بە کۆمەکی دەرەکی، دەست پێ دەکات. دوای ئەوە لە سەرەوەڕا (بە هۆی دەسەڵاتی سیاسییەوە) بەرەو خوارەوە (بۆ ناو کۆمەڵ) شۆڕ دەبێتەوە. ئەمەیش مۆدێلێکی دیکەی دیموکراتیزەکردنە، چونکو لە جیاتی ئەوەی پێشکەوتنی کۆمەڵ سیستمێکی حوکمڕانیی دیموکرات، وەک گەرەنتی بەردەوامبوونی، خۆی بخوڵقێنێت ئەوا سەرەتا حوکمڕانییەکی دیموکرات بە کۆمەک و چاودێریی هێز و لایەنی دەرەکی دروست دەکرێت. دوای ئەوە بەهۆی دەسەڵاتی دەوڵەت و سیستمی حقوقی و دەستگا جۆراوجۆرەکانی دەوڵەتەوە گۆڕانکاریی گرنگی ئابووری، سیاسی، کۆمەڵایەتی و کولتووریی ئەوتۆ دەکرێن

**که سەرکەوتن و پاراستنی پرۆسێسی دیموکراتی دەستەبەر بکەن. بە ڕای من ئەم مۆدێلەی دیموکراتیزەکردن لە سەردەمی ئێستادا ، گونجاوترین مۆدێل و ڕەنگە تاکە دەرەتانێکیش بێت بۆ ئازادکردنی کۆمەڵ و وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی نێوین، چونکو ئیستیبدادی دەوڵەت و پاشکەوتنی ئابووری، کۆمەڵایەتی و سیاسیی ئەو وڵاتانە دەرفەت نادەن کە ئەو کۆمەڵانە بە شێوەی سروشتی گەشە بکەن، بەرەو دیموکراتی و مۆدێرنێتە بڕۆن و تێکەڵاوی رەوشی سیاسی، ئابووری و کولتووریی دنیا بین"**1.